



# ڕۆمانی بەردینە و هەندێ ڕەخنەی نەرمینە

گۆران سەباح

دوو خوێنەر لە ڕۆژهەڵات پێشنیاریان کرد ڕۆمانی "بەردینە"ی سەید قادر هیدایەتی بخوێنمەوە. گوتم، "گۆڕەشارم خوێندەوە، ڕۆمانم لەبەر چاو کەوت، زمان و ستایلەکەی هێندە بێ کەڵک بوون، بێزاری کردم. ڕۆمان کوو ئەوها دەنووسرێت؟" گوتیان، "نا، بەردینەی جیاوازە، پەشیمان نابیتەوە."
خوێندمەوە و پەشیمان بوومەوە. ئاخر ناکرێ ڕۆمانی کوردی بکەیتە قوربانی شێوەزاری ناوچەیەک، ناکرێ ڕۆمان بە ڕبەی هەقایەت بنووسی، چونکە ئاوا سەقەت و بێتام دەبێت. هەقایەت بۆ بەر ئاگردانێ باشە، ڕۆمان ئاستێکی باڵای گێڕانەوە و زمان و ئیستێتیکای گەرەکە، حەیفە بیکەیە گۆڕەپانی ساغکردنەوەی زمان. ئەم جۆرە هەوڵانە (نووسینی ڕۆمان بە زمانی ناوچەیی)، ڕۆمانی کوردی، زمانیش پێش ناخات.
با لای هێروە دەستپێکی هەقایەتەکە لێک هەرتەکێنم. پەرەگرافی یەکەم هانی نەدام بۆ خوێندنەوە، بەر زمانێکی ناستاندارد، زمانێکی ناڕۆمانی، زمانی بەستە و لاوکان، زمانی هەقایەتی بەر ئاگردان کەوتم. فڕێم دا. بێو ئەو پەرەگرافەی سەرەتای دەقەکە لا بدەی، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. زیادە و بێ مانایە، نازانم بۆ نووسەرانی کورد، بەو دەستپێکە بێ فایدە و بێ مانایانە غەدر لە گێڕانەوە و زمانی کوردی دەکەن؟
دوای هەفتەیەک، لەبەر خاتری داواکاری خوێنەران، چوومەوە گژی. کە ئەم دوو ڕستەیەی سەرەتای پەرەگرافی دووەمم خوێندەوە (ئەمن گودروونم. عومرم نێزووک سی ساڵ دەبیتن.)، چاوم چووە پشتی سەرم، دیسان ڕۆمانەکەم فڕێ دا. ئەم جۆرە دەستپێکە هێند سواوە، بۆگەنی کردووە. ڕوو لە هەموو ڕۆماننووسان دەکەم، "ئەرێ کاکە بۆ بەو کلێشە قۆڕەتان وەگرتووە، یانی، هیچ شتێکی دیکە نازانن، تەنیا ئەوە نەبێت بە ناو و تەمەنی کارەکتەر دەست پێ بکەن؟ کاکی من ئەگەر نازانن ڕۆمان بنووسن، بڕۆن ئیشێکی دیکە ببیننەوە."

دوای هەفتەیەکی دی، چوومەوە گژی. بڕیارم دا، تەواوی بکەم و شتێکی لەسەر بنووسم. لەبەر نووسینەکە نەبا، قەت پێم تەواو نەدەکرا. دەیان جاری دی، ڕۆمانەکەم فڕێ دا، بەڵام لەبەر ئەم وتارە هەر دەبا تەواوی بکەم.

"لە لای دایکم بە گریان بووم." (ل٩)

ئەرێ ئەو ڕستەیەی سەرەوە بۆ هێندە نارێک و لار و کرێتە؟ ئاخر یەک دوو ڕستەی ئاوایە، هونەری گێڕانەوە و زمان دەشێوێنن.

لە دایەلۆگدا، نووسەر "گۆتم گۆتی" هێند بەکار هێناوە، لە تام چووەتە دەرێ. زۆر پێی قەڵس بووم.

نازانم، ڕۆماننووسانی کورد لە کێ فێری ئەوە بوونە فەرهەنگۆک لە کۆتایی ڕۆمانەکە دابنێن. باشە جەنابت فەرهەنگ دادەنێی؟ یان دەتەوێ پێمان بڵێی فس فس پاڵەوانی وشەی کوردیت؟ باشە بۆ دەتەوێ پێشانمانی بدەی ئەو وشە فەرهەنگیانە دەزانی؟ بۆ هونەری گێڕانەوە دەکەیە قوربانی ئەو خۆدەرخستنەت؟ هەر ڕۆمانێک، فەرهەنگۆکی وشەی لەگەڵدا بوو، ئەوە بزانە نووسەر لە فەرهەنگەکان هەڵیبژاردوون و بە تۆبزی جێی بۆ کردینەوە، بۆیە زمان و گێڕانەوەکەی سەقەتە. گرەوتان لەگەڵ دەکەم، هەر ڕۆمانێک فەرهەنگۆکی هەبوو، سەقەتە. قەینا ئەگەر ڕۆمانەکەت زاراوەی نوێی تەکنۆلۆژی و زانستی تێدا بن کە خوێنەر قەت نەیبیستوون، ئەوە ئاساییە.

"گودرووني من" (ل٩)

"شووی ئەمن" (ل٩)

ئێ باشە بۆ خۆت یەکلایی ناکەیەوە، "من"ـە یان "ئەمن"ـە؟ بێ شک، "شووی ئەمن" ناجۆر و کرێتە و نابێ.

"گۆتی: ئادی دەبیتن." (ل١٠)

"گۆتم: ئەدی کوا؟" (ل١٠)

ئەدی، یان ئادی؟

"گۆتم: عاااا، لە ئی شای هەباس گەورەتر!" (ل١١)

گودروون منداڵە، لە کوێ سمێڵی شا هەباسی بینیوە؟ لە سۆشیەل میدیا، یان لە تەلەفزیۆن؟ ئەلف و بێی نووسینیشە کە (؟) بۆ پرسیارکردنە و (!) بۆ سەرسڕمان. ئەو ڕستەیە، ڕستەیەکی پرسیارییە.

"شەوان توندم گوێچکانم دەگرتن" (ل١١). ئەدی ئەوە تێکدانی زمان نییە؟

"گۆتم: لە وێندەرێ مەخلووق، بە زمانی شای هەباس قسان ناکەن؟" (ل١٤)

گودروون منداڵە، چووزانێ زمانی شای هەباس کووە؟ ئەو پرسیارە ئی یەکێکی وەک نووسەرە، نوخبەیە، نەک منداڵ. ئا لێرەدا، دەمەوێ بڵێم نووسەر و دەنگی نووسەر بە تەواوی بەسەر ڤەگێڕ و دەنگی کارەکتەرەکاندا زاڵە. نووسەر لە جێی هەمووان قسە دەکات، ئەمەیش گێڕانەوەکەی ناخۆشتر و سەقەتتر کردووە.

"گۆتم: هەیبوو نە دێو و نە هەژدیها، هەیبوو نە پاڵەوان و نە هەسپی باڵدار و... " (ل١٨)

منداڵ وا قسە دەکات؟ نا، ئەوە دەنگ و ئەزموونی نووسەرە بەسەر دەنگی ئەو گودروونە بەستەزمانەدا.

"گۆتی: بابم ئێستاکانە لە توێی نەرمەدۆشەگدا کیژی ئەتۆی لە مێز گرتووە و دەستانی لە بەروێ دەگێڕێ و دەیگەوزێنێ، ئەتۆش بە هەوای لەسەر ڕیخان هێکەم شەوی زاواتیت ڕابری؟! ..." (ل٢٢)

ئەرێ هیچ دایکێک هەیە هەقایەتی خیلاعی بۆ منداڵەکەی بگێڕێتەوە؟ هەر ئەوەندە قسەیە ئابڕووی گێڕانەوەی بردووە. شتێکی دیش، لە هیچ زمانێکدا نییە دوو نیشانەی خاڵبەندی بە دوای یەکەوەدا بێن، ئەوە بەس نووسەرانی کورد وا دەکەن، بەمەیش ئابڕووی خاڵبەندیشیان بردووە. نازانم نووسەرانی کورد، بۆ هێندە حەزیان لە دانانی نیشانەی سەرسڕمانە؟ نازانم ئەمانە نیشانەی سەرسڕمان بە چی تێگەیشتوون؟

چاو دەنە ئەم دیمەنە، ئەوە دایک بۆ منداڵەکەی

دەگێڕێتەوە: "ئەییی باشە بۆ قسان ناکەی کچەکێ؟! ها؟!جا خۆ بە خۆشی خۆ قسان ناکەی، ئەوشۆت حەتمین چار پەلت لە حەوا دەکا! خۆ نێرەحەیتە نی دێڵەکوڕانی! تەماشا چەندی زێڕ و خشل و سۆڵ و کراسی لە کۆشی ناوە! هەستە هەست! هەڕۆ ئاوێک لە چڕوچاوت دە و خۆی بۆ لە تەپڵی گوڵی دە و شەوێ لە ڕاموسانی تەرخان کە! پێنج و دوو ڕۆژی دنیا ئەوەی ناوێ نا! خۆت بۆ چ سەگبابێکی قۆرغ کردووە؟ ها؟!مەگین پیاو نەبێ، پیاو هەموو وە یەک دەچن . . ."

ئەگەر دایکێک هەقایەت بۆ منداڵەکەی بگێڕێتەوە، حسێبی منداڵەکە دەکات و قسەی نەشیاو قووت دەکات، داهێنانیش لەوەدایە چۆن بتوانی لە حاڵەتێکی وادا قسەی نەشیاو قووت بکەی، بەڵام نووسەر لێرەدا حسێبی منداڵەکەی نەکردووە و نەیتوانیوە داهێنان بکات، هەر بە ڕێی مێشکی بۆگەنی پیاو قسەی کردووە، بۆیە دەڵێم ئەم دەقە وێرانە.

کاتێ هەقایەت بۆ منداڵ دەگێڕینەوە، ناتوانین قسەی نەشیاو و ناشرین و جنێو و گان و ئەو شتانە باس بکەین. لەم هەقایەتەدا حسێبی ئەوە نەکراوە کە گودروون منداڵە، چونکە وەک پێشتر باسم کرد، ئەوە خودی نووسەرە بووەتە هەموو کارەکتەرەکان، بۆیە هەقایەتەکە پڕە لە چاڵ و لە شتی ناماقووڵ. هەر کاتێک نووسەر بە قەد ژمارەی کارەکتەرەکان، خۆی کۆپی کرد و لەباتی هەمووان قسەی کرد و خۆی نواند، گێڕانەوەکە سەقەت دەبێت. نازانم بە چ زمانێک ئەوە لە ڕۆماننووسانی کورد بگەیەنم؟ بنۆڕە ئەو هەموو قسە نەشیاوانە: کوڕان داک گاوێ (لا٣٩)، حیزباب (لا٤٢)، سەگباب (لا٤٣)، سەگباب، کەران باب (لا٤٦) ...تاد.

"شارێ چ ڕێی دی شک نەدەبرد. یانە دەبێ کوڕەحەیران بمگاتێ و هەڕۆین . . ." (لا٢٧)

لەم پەرەگرافەدا، ڤەگێڕ و گۆشەنیگا تێکەڵوپێکەڵ بووینە، نووسەر چاک سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت.

من ئەمە بە ئەتککردنی گێڕانەوە دەزانم. هەمان شت دووبارە دەبێتەوە لە پەرەگرافی "ئەوەش بەختی منە..." (لا٣١). دیسان لە پەرەگرافی "پێشاوپێشمان سەرپاکی...." (لا٣٣). "گۆتی هەویستم... چ کاران ناکا." (لا١٣٣).

ئەم هەقایەتە بە دەر نییە لە چاڵ. بۆ نموونە، "شارێ پەنجێک نان و تۆزێ پەنیری..." (لا٣٤). هەر دوو لاپەڕ پێشتر، ڤەگێڕ دەڵێ شارێ نانی پێ نەماوە. ئەی ئەو نانەی لە کوێ بۆ هات، خۆ حەزرەتی مەریەم نییە؟ هەر لە لاپەڕە (٣٥)دا چاڵێکی دی هەیە: گودروون مێشکی سەری دایکی دەبات تا هەقایەتی زێتری بۆ بگێڕێتەوە، کەچی گودروون دەڵێ، "پێم خۆش نەبوو دایکم چی دیم بۆ بگێڕێتەوە." چاڵی دیکەیشی تێدان ئەم هەقایەتە، ئەمەیش پێمان دەڵێ نووسەر ئاگای لە پلۆتەکە نەماوە. ئاخر خۆ ئەمە ڕۆمان نییە، پلۆتی چی و حاڵی چی. هەقایەتە و دەتوانی بە کەیفی خۆت لە کوێ پسا، لەوێ گرێی بدەیەوە. ئەرێ بەڕاستی ڕۆماننووسین ئەوهایە؟

کاتێ دایک لەبەر دەمی منداڵ دەگریێ، منداڵەکە چی دەکات؟ کەمێک دەتاسێ، پاشان ئەویش دەست بە گریان دەکات، کەچی لە لاپەڕە (٤٠)دا، گودروونی منداڵ وەک فەیلەسووفێک دڵی دایکی گریاوی دەداتەوە: "گۆتم: دایە ئەتۆ بە منت دەگۆت دەبێ جەرگت هێندی سێڵێک بێ. ئێستاکانە ئەوە ئەتۆی وەتۆ دەکەی بۆ قایەتێک." ئەوە چاڵێکی گەورەیە.

لە لاپەڕە (٤٠)دا، دایکی بە گودروون دەڵێ، " بەرخم مەنوو، پاشماوەی قایەتمان ماوە!" واتە نان خوراوە و وەختی نووستنە، کەچی لە لاپەڕە (٤٥)دا، گودروون دەڵێ، "پاش شێو خواردن گۆتم: دایە هێکسەر بچۆ سەر باسی شارێ." تومەز نووسەر لە بیری چووە پیشتر چی نووسیوە. (نیشانەی سەرسڕمانەکەیش

پێویست ناکات. ئەدی نەمگۆت نووسەرانی کورد زۆر حەزیان لەو نیشانەیە؟ تەنێ لە لاپەڕە (٤٨)دا نۆزدە نیشانەی سەرسوڕمان هەیە).

لە لاپەڕە (٥٤)دا بەری بەیانە، کەچی لە لاپەڕە (٥٩)دا شەو درەنگە. کێڕان؟ ئەو بازدانە ڕێی تێناچێت و وا لە خوێنەر دەکات باوەڕ بە هەقایەتەکە نەکات. تەواوی دەقەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمە هەقایەتە، ڕۆمان نییە. هەندێ نموونەی سادە: پێکهاتنی شا هەباس و میرخان، چوونەوەی شارێ و بەنگین بۆ شنۆ، ترسی میرخانی برادۆست لە دەسەڵاتی بەنگین، دەرماندراوکردنی بەنگین، ئەمانە بە یەک دێڕ، یان نیو تێپەڕیون، کە ئەمەیش سیفەتی هەقایەتە نەک ڕۆمان. ڤەگێڕەکان خۆیان بەردەوام هەقایەت دەگێڕنەوە و هیچ هونەرێکی گێڕانەوەیان تێدا نییە.

"... گەلێک جاران لەنەکاو دەهاتە پێش چاوم و ترس و خۆفم دادەگژایە هوندروون." (لا٧٣).

کورد دەڵێ خۆف، یان ترس، ترس و خۆف پێکەوە نایەنە گوتن. ئەم هەقایەتە نموونەی وای زۆرە، ئەمەیش نموونەیەکی دیکەیە لە کلۆڵی زمانی گێڕانەوەی هەقایەتەکە.

"... ئاوەها چل ئایەتانی سووڕەتی مبارەکی ئەلبەقەرەی بە من خووند..." (لا٧٨)

مامۆستاکە لە کۆتایی وانەدا، بە ئەنقەست قورئانی بە گودروون دەخوێنێ تا گاڵتەی پێ بکەن. چل ئایەتی بەقەرە گەلێک زۆرە، بەو ماوە کورتە تەواو نابێت، ئەوەیش چاڵێکی دی. ڕۆماننووس دەبێ لەم شتانە زۆر ورد بێت، دەبێ پرسیار بکات و لە شتەکان دڵنیا بێت. هیچ قاریئێکی پرۆفێشناڵ ناتوانێت چل ئایەتی بەقەرە بە سێ چار خولەک بخوێنێت، باشە چۆن ئەو منداڵە چل ئایەتی خوێندەوە؟ هەر بەڕاستی یەکێ لە پنتەکانی هونەری ڕۆماننووسین ئەو جۆرە شتە ورد و سادانەیە.

"دەرسانم خووند" (لا٨٤)، "دەرسان بخینم" (لا٨٥). خووندن و خیندن، کامیانە؟ ئەوەیش چاڵێکی دیکەی زمانەوانی هەقایەتخوان. نموونەی دیکەی وای زۆرە، تومەز نووسەر دەرەقەتی بنزارەکە نەهاتووە.

ئەم کتێبە ڕێنووسیشی وێرانە. ئاخر دەکرێ هەر شارێک، یان گەڕەکێکی کوردستان بە جۆرێک و بە کەیفی خۆی بە ناو ڕێنووس کەوێ؟ بۆ نموونە، لە سلێمانی سێ جۆرە ڕێنووس هەیە، هەرسێکیان سەقەتن. ڕێنووسی ڕۆژهەڵات زۆر لە ڕێنووسی باشوور جیاوازە. بەم شێوەیە قەت ناگەینە ڕێنووسێکی یەکگرتوو. لە لاپەڕە (١١٤ و ١١٥)دا ئەم وشەیەی بە دوو شێوە نووسیوە: "جاشکەکەر"، "جاشکە کەر"، جا نموونەی وای گەلێک زۆرە.

تێنەگەیشتم بۆچی ژمارەی بەشەکان بە ئینگلیزی و ژمارەی لاپەڕەکان بە کوردی و ئێرانین؟

لە بەشی شەشەمدا، چار لاپەڕ لەسەر بزربوونی کارەکتەرە سەرەکییەکە نووسراوە، نیوەی زێتری زیادەیە و پێویست ناکات. بەلاش لەوێ گێڕانەوەکە داوی دراوەتێ. دەبا ئەم بەشە بە گۆشەنیگای کەسی سێیەمی تاک بێت، چونکە پێشتر پێمان دەڵێ کارەکتەری سەرەکی شتی لە بیر نەماوە، کەچی لەم بەشە هەموو شتێکی بە وردی لە بیر ماوە، ئەمەیش چاڵێکی دیکەیە.

ماوەیەک گودروون دۆخی زۆر خراپ دەبێت، شنگ و تاقەتی نامێنێت، کەچی لە لاپەڕە (١٩٥ و ١٩٦)دا لەهیکڕا دۆخی زۆر باش دەبێت و هەڵدێ. چۆن؟ لێرەوە تا کۆتایی، شتەکان قەناعەتیان پێ نەکردم، وەک بڵێی نووسەر لە کۆڵ خۆی کردبێتنەوە.